**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ١٤١٢ لە ٢٠٢٣/٢/٢١**

پاڵپشت بەحوکمەکانی پەیڕەوی ژمارە (١٧) ی ساڵی ٢٠٢٢ پەیڕەوی هەموارکردنی پەیڕەوی خانەی دایەنگاکان لە هەرێمی کوردستان _ عێراق ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٣ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (حەڤدەم/١)ی پەیڕەوی خانەکانی دایەنگاکان ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٣ ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :-

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەموارکردنەوەی سێیەمی ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٥**

**تایبەت بە خانەی دایەنگاکان لە هەرێمی کوردستان _عێراق**

**ماددەی (١):** هەموارکردنەوەی ماددەی سێیەم لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ بەزیادکردنی بڕگەیەکی تر بۆی و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**چوارەم :**

**أ.** إستيفاء بدل الاجازة لفتح دار الحضانة الاهلية بمبلغ وقدره **(٢٥٠,٠٠٠)** مائتان وخمسون ألف دينار .

**ب.** إستيفاء بدل الاجازة لفتح دار الحضانة في المؤسسات شبه الرسمية والنقابات والمنظمات و الجمعيات بمبلغ وقدره **(١٠٠,٠٠٠)** مائة الف دينار كل سنتين .

**ج.** إستيفاء بدل تجديد الاجازة لفتح دار الحضانة بمبلغ وقدره **(١٥٠,٠٠٠)** مائة وخمسون ألف دينار كل سنتين .

**ماددەی (٢):** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی **(وقایعی کوردستان)** جێبەجێ دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ١٤١٤ لە ٢٠٢٣/٢/٢١**

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

بەپێی ئە و دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگە(٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

١-هێنانەکایەی(استحداث ) کردنی **(هۆبەی یاسایی)** لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانی یاسایی لەو بەڕێوەبەرایەتیە .

٢-ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)کاری لە سەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**

**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**